وەزیری ناوخۆ لەگەڵ هاوتا سورییەکەی تاوتوێی هاوکاری لە کۆنترۆڵکردنی سنووری هاوبەش دەکات



عەبدولئەمیر شەمەری، وەزیری ناوخۆ لەگەڵ هاوتا سورییەکەی، محەمەد خالد ئەلڕەحموون، هاوکاری و هەماهەنگی بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری هاوبەش تاوتوێ کرد.

بەیاننامەیەکی وەزارەت، دەڵێت" لە پێراوێزی ئامادەبوونی لە چل و یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیرانی ناوخۆی عەرەبی لە کەماری تونس، وەزیری ناوخۆ، عەبدولئەمیر شەمەری، سەردانی هاوتا سورییەکەی محەمەد خالد ئەلڕەحمونی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی کرد.

بەپێی بەیاننامەکە، شەمەری جەختی لەوە کردووەتەوە کە عێراق پشوازی لە گەڕانەوەی سوریا بۆ دۆروبەری عەرەبییەکەی و کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی ناوخۆی عەرەب دەکات.

ئاماژە بۆشکراوە لەم سەردانەدا گفتوگۆ لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی کرا بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوور و دەروازە هاوبەشەکان و ڕێگریکردن لە ئێپەراسیۆنەکانی قاچاخچێتی بۆتایبەتی مادە هۆشبەرەکان.

شەمەری ئاماژەی بۆشکردووە لەهەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکی چوارقۆڵی لە عەممانی پایتەختی ئوردن بەڕێوەچوو، وتەدا زێڕ بابەتی پەیوەست بە کاری هاوبەشی ئەمنی نێوان چوار وڵات، لێنوێیاندا سوریا وروژێنرا، جەختیشی لەوە کردەوە کەڵە نێوان کەمارەکانی عێراق و سوریا کاری دوولایەنە لە زێر بواردا هەیە، لەوانەش بڕێنگاربوونەوەی تاوانە سنووربڕێنەکان و تاوانە ڕێکخراوەکان و

بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.